# دەنگی بەرزی ئازادیخوازی
# لەبەرامبەر هیرشی ئیسلامی سیاسیو بۆ بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین.

پەلاماری ڕەوتە ئیسلامیەکان لە دژی ئازادی بیرکردنەوەو ڕادەربڕین و مافە سەرەتاییەکانی ئینسان بە بیانووی چەند کاریکاتیر لەسەر پیغەمبەری ئیسلام دنیای هەراسان کردووەو ڕیزی ئازادیخوازیو بەشەریەتی موتەمەدنی لەگەڵ هەڕەشەی جیدی ڕووبەڕووکردووە. ئەو ڕووداوانەی ئەم ڕۆژانە ڕوودەدەن پەیامی زۆر خەتەرناکی هەڵگرتووەو زەنگی مەترسی جیدییە لەبەرامبەر هەموو دەستکەوتەکانی ئینسان لە بەدیهاتنی ئازادی بیرو ڕادەربڕین. دەبێت ئەم پەلامارە بەرپەرچ بدریتەوە و بواری زیادەڕۆیی پێنەدریت. دەوڵەتانی غەرب، هاوکارانی ئیسلامی سیاسی بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئیران و ئەفغانستان، پشتیوانانی رەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان کە بە بیانووی نسبیەتی فەرهەنگییەوە لە هیچ کۆمەکێك بۆ بەهیزکردنی ئیسلامیەکان لە کۆمەڵگاکانی غەرب خۆیدا دریغی ناکەن، ئەم دەوڵەتانە لەبەر قازانجە ئابووریو سیاسییەکانی خۆیان بە سازشکاریو خاترگرتن نەك هەر ناتوانن بەر بەم هەڕەشەیە بگرن و بارودۆخەکە ئارام بکەنەوە، بەڵکو کارێك دەکات کە ڕەوتە ئیسلامیەکان لە دریژە ماوەدا پەلاماری خۆیان توندتر بکەنەوە. دەبیت ئەم پەلامارە دژی ئینسانییە بەرپەرچبدریتەوەو ناکامکریتەوە. لەم نیوەدا ریکخستنەکانی دەرەوەی وڵاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران حکمەتیست، حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، ریکخراوی سەراسەری پەنابەرانی ئیرانی، ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق و ریکخراوی پەنابەرانی کوردی عیراقی لە نرویج دوینیێ ڕۆژی دووشەممە 6–2 لە ستۆکهولم لە سویدو اوسلو لە نرویج ئاکسیۆنی هاوکاتیان بەرێخست.

## ستۆکهۆلم:





ئاکسیۆن سەعات 4.30 ی پاشنیوەرۆی ڕۆژی دووشەممە لە گۆڕەپانی سیرگڵس تۆری دەستی پێکرد. بەڵام ئاکسیۆن هەر لە سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژەوە سەرنجی میدیای سویدیو فارسی زمان و عەرەب زمان و کورد زمانی ڕاکێشابوو. تەلەفیزیۆن و ڕادیۆو ڕۆژنامە سەراسەرییەکانی سوید پەیوەندییان بە سازدەران و بەرپرسانی ئاکسیۆنەکەوە کردو ئامادەیی خۆیان بۆ ئامادە بوون لە شوینی ئاکسیۆنەکە ڕاگەیاند. هەر بەر لە ئاکسیۆنەکە ڕۆژنامەی سیتی ستۆکهولم لەگەڵ ڕەعنا کریمزادەو مستەفا ئەسەدپور چاوپیکەوتنی کرد. هەروا ڕادیوی پژواك کە ڕادیویەکی سویدی وبە فارسی بەرنامە پەخش دەکات چاوپیکەوتنی لەگەڵ ئەسەد نەودینیان ساز دا. لە ئاکسیۆنەکەدا پلاکاردو لافیتەی جۆربەجۆر کە دروشمی دژ بە ئیسلامی سیاسیو دیفاع لە ئازادی ڕادەربڕینی لەسەر نوسرابوو لە لایەن ئامادە بووانەوە بە دەستەوە گیرابوو. تا دەهات خەڵکانی زۆرتر بە ئاکسیۆنەکەوە پەیوەست دەبوون، خەڵکی سویدی زمان کە بە ئامانج و پەیامی خۆپیشاندانەکە ئاشنا دەبوون پێشوازییان لیێدەکرد بەشێکیان بە خواستی خۆیان پلاکاردەکانیان بە دەستەوە دەگرت و بە خۆپیشاندەرانەوە پەیوەست دەبوون.

بەشێك لە میدیاکان کە هەر لە سەرەتاوە لە شوێنی ئاکسیۆنەکە ئامادەبوون ڕاستەوخۆ ریپۆرتاجیان بڵاودەکردەوەو کەناڵەکانی وەك تەلەفیزیونی سەراسەری سویدو کەناڵی 3 و 4 و ڕادیۆی سەراسەری سویدو ڕادیوی لۆکاڵی ستۆکهۆڵم لەگەڵ ئارەزوو محمدی و أسد نودینیان و ڕیگا ڕئوف چاوپێکەوتن و گفتوگۆیان کرد هەروا ڕۆژنامەکانی داگس نیهێتەرو ئاژانسی ڕۆژنامە نووسی تیتی لەگەڵ ڕیکخەرانی خۆپیشاندانەکە چاوپێکەوتنیان کردو ڕادیۆی پژواك دووبارە لەگەڵ أسد نودینیان و ڕادیۆی مجەللە بە زمانی عەرەبی لەگەڵ شەماڵ علی سکرتیری کۆمیتەی

دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق گفتوگۆیان کرد، ڕادیۆکانی فەرداو سەدای ئیران پەیوەندییان بە حسام منتەزیری سکرتیری کۆمیتەی ستۆکهۆلمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران حکمەتیستەوە گرتو ڕاپۆرتیان سەبارەت بە خۆپیشاندانەکە ئامادە کرد.

بەشێکی تری ئاکسیۆنەکە ووتاری قسەکەرانی خۆپیشاندانەکە بوو کە لە سەرەتا ئارەزوو محەمەدی بە زمانی سویدی بە خیرهاتنی ئامادەبووانی کرد وئامانجەکانی خۆپیشاندانەکەی ڕوونکردەوە، پاشان ینار محمد لە کەسایەتییە ناسراوەکانی جووڵانەوەی ژنانو سەرۆکی ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق بە زمانی ئینگلیزی، رەحمان حسینزادە بە زمانی فارسیو فارس محمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بە زمانی عەرەبی قسەیان کرد. لە نیۆ قسەکاندا ئامادەبووان بە هوتافکێشان بەرگری خۆیان لە ئازادی بێ قەیدو شەرتی ڕادەربڕین ڕادەگەیاند. ئاکسیۆن نزیک بە سەعات 6و ئیوارە لە نێو حەماسەتی ئامادەبوواندا کۆتایی هات.

## ئۆسلۆ:







لە نەرویجیش میدیا بە هەمان شیوەی سوید بە بایەخەوە مامەڵەی ئاکسیۆنەکەیان کردو سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژ پەیوەندییان بە هاوڕی جمال محسن بەرپرسی کۆمیتەی نەرویجی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقو کامل احمد کادری حزبو بەرپرسی ریکخراوی پەنابەرانی کورد لە نەرویجەوە گرتو ئامادەبوونی خۆیان بۆ ئاکسیۆنەکە ڕاگەیاند، هەروا گفتوگۆو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازدان.

زۆربەی کەناڵەکانی تەلەفیزیونو ڕادیۆو ڕۆژنامە سەراسەرییەکانی نەرویج پیش دەستپێکردنی ئاکسیۆنەکە لە سەعات 5ی پاش نیوەڕۆ لە شوینی ئاکسیۆنەکە لە بەردەم پەرلەماندا ئامادە بوون. بەرنامەی ئاکسیۆنەکە بە خویندنەوەی بەیاننامەی هاوبەشی کەمپینی دیفاع لە مافەکانی ژنانی ئیران، ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق ، ریکخراوی پەنابەرانی کوردی عیراقیو ریکخراوی پەنابەرانی ئیرانی لە لایەن مەلەکە عزتی بەرپرسی کەمپینی دیفاع لە مافەکانی ژنانی ئیرانیو کادری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران– حیکمەتیست دەستی پیکرد. کەناڵی تەلەفیزیونی سەراسەری (ان. ار. کۆ) لەگەڵ داریوشی نیکنام سکرتیری کۆمیتەی نەرویجی حزبی حکمەتیست سەبارەت بە ئامانجەکانی ئاکسیۆنەکە چاوپێکەوتنی کرد. بەرپرسی کۆمیتەی وەزارەتی دەرەوەی نەرویج ئۆلۆف ئاسکالان لە شوینی خۆپیشاندانەکە ئامادە بوو بۆ وەرگرتنی نامەی کراوەی خۆپیشاندەران کە ڕوو بە دەوڵەتی نەرویج نووسرابوو. هەمان کەناڵی تەلەفیزیۆنی پرسیاری لە ئاسکالان کرد کە تێروانینی سەبارەت بە ئاکسیۆنەکە چییە؟ لە وەڵامدا ووتی کە ئەو زۆر خۆشحاڵە لە نیۆ کۆچکردووواندا دەنگێکی تر هەیە دیفاع لە ئازادی ڕادەربڕین دەکات. داریوش نیکنام لە دریژەی چاوپیکەوتنەکەداو ڕوو بە مەسئولی کۆمیتەی وەزارەتی دەرەوە ووتی کە ئەو سەبارەت بە سیاسەتی دەوڵەتی نەرویج لە مامەڵەی لەگەڵ ئیسلامییەکاندا ناڕەزایەتی دەردەبڕێت. چونکە دەوڵەتی نەرویج بە پشتیوانی کردنی مالی، بە کۆکردنەوەی ئیمامەکانو هینانە پیشەوەیان و دەرخستنیان بۆ میدیا وەك نوینەری "خەڵکی موسوڵمان" بە کردەوە ئیسلامییەکان بەهیز دەکەن. جەمال محسن نامەی کراوەی بەشداربووانی ئاکسیۆنەکەی بۆ ئامادەبووان خویندەوەو پاشان دایە دەستی ئاسکالان.

ڕادیۆو تەلەفیزیۆنی ان.ار.کو، تی ڤی 2، و ئاژانسی هەواڵی ان.تی.بی، ڕۆژنامەی داگنس ئافیس و هەواڵنێری ڕۆیتەرز لەگەڵ بەهار مونزیرو جمال محسن لە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و داریوش نیکنام و مەلەکە عزتی لە حزبی حکمەتیست چاوپیکەوتن و گفتوگۆیان ئەنجامدا. ئەم چاوپیکەوتنانە لە بەرنامەکانی شەوی هەمان ڕۆژ بە فراوانی بڵاوکرانەوە. هەروا تەلەفیزیۆنی سەراسەری نەرویج هەواڵی هەڕەشەکردن لە ڕێگای تەلەفۆنەوە لە کامیل ئەحمەد کادری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقی بڵاوکردەوە.
شایانی باسە هەر ئەمڕۆ ووتاری بەهار مونزیر سەبارەت بە زەرووڕەتی دیفاع لە ئازادی ڕادەربڕین لە بەرامبەر هەڕەشەی ئیسلامی سیاسیدا لە ئافتنپۆستن ڕۆژنامەی سەرتاسەری نەرویج بڵاوکرایەوە.

دروشمی سەر لافیتەی ئاکسیۆنەکە کە بە ناوی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و حزبی حکمەتیستەوە نووسرابوو بریتی بوو لە (ملدان بە هەڕەشەی ئیسلامییەکان، دەستبەردار بوونە لە بەهایەکی مۆدیرنە کە ئازادی ڕادەربڕینە) و تراکتەکانیش ئەم دروشمانەیان بە ناوی هەموو ریکخراوە بەشدار بووەکانەوە لەسەور نووسرابوو ( نا بۆ فاشیزمی ئیسلامی، نا بۆ ڕاسیزم، بژی ئازادی ڕادەربڕین)، (ئیسلامییەکان دەبێت داوای لێبوردن بکەن، نەک جۆرنالیستەکان)، ( دین دەکریت هەم ڕەخنەی لێبگیریت و هەم گاڵتەشی پێبکرێت)، ( ئازادی بیروڕا لە پیشترە لەهەر هەستیکی دینی)، ( ئازادی بیروڕا بە ساتیریش هیچ قسەیەک هەڵناگرێت).....

ئاکسیۆنەکانی ستۆکهۆلم و ئۆسلۆ سەرەتای کاری جیددی تری ئیمەن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیسلامییەکان و دیفاع لە ئازادی بیرو ڕادەربڕین لە دنیا و لە وولاتانی غەربی. هەموو خەڵکی ئازادیخوازو سکولار بۆ بەهیزکردنی ئەم جوولانەوەیەو ئەم ڕیزە بانگەواز دەکەین.

ریکخراوی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق
ریکخراوی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئیران– حکمەتیست.

06/02/07